هاتنە سەر ئەو باوەڕە کە، کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، ئەویش لە کوردستانەوە، لەگەڵێک ڕووەوە لە بەرژەوەندیی ئێراندا دەبێ. چۆنکە لەلایەک بە ڕاگەیاندنی هێرش و کردنەوەی بەرەیەکی نوێ، شکستی بەرەی باشووری ئێران – عێراق لەبیری خەڵک دەبەنەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، قورسایی هێرشی سوپای عێراق لە باشووری ئێران کەمدەکەنەوە کە بە شادەماری ئابووری و بازرگانی ئێران دەژمێردرێت. هەروەها، بە کۆکردنەوەی هەموو ئۆپۆزسیۆنی عێراقی، بە کورد و شیعە و سوننە لەژێر ڕێبەرێتیی خۆیاندا، قورسایی و گرانی شەڕەکە دەخەنە کوردستانەوە و، لە ئێران دووری دەخەنەوە. جگە لەمە، لەئەگەری ڕاوەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنی ئاگربەس و وتووێژ لەگەڵ ڕژێمی سەددام، ئەوکات دەتوانێ ئۆپۆزسیۆنی عێراق – بەتایبەتی کوردەکان وەک "کارت" بەکار بێنێ بەرامبەر بە نەیارە نێوخۆییەکەی بەنێوی "ڕێکخراوەی موجاهدینی خەلق" کە ئەویش لە دەستی سەددامدایە.

گرێ کوێرەی پلانی نوێی ئێران، لەوێدا بوو کە حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستان تینووی خوێنی یەک بوون و، شەڕی مان و نەمانی یەکتریان دەکرد. سەرەتا پێویستبوو کۆیانبکاتەوە و، بە ڕێنوێنی و چاودێری و نێوبژیوانیکردنی خۆی، بەرەیەکیان لێ دروست بکات. سەرکردەیەتیی حیزبەکانی باشوور، لەسەر ویستی ئێران، شەڕی نێوخۆییان وەستاند و لەگەڵ یەک ڕێککەوتن بۆ یەکخستنی هێزەکانیان لەدژی ڕژێمی عێراق. لەبەر ئەوە، هەرچەند پێکهێنانی "بەرەی کوردستانی"، لەلایەن حیزب و ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانەوە لەپاش کارەساتی هەڵەبجە، بە ڕەسمی ڕاگەیەندرا، بەلام لەڕاستیدا، ئەو بەرەیە پێش کارەساتی هەڵەبجە و، لەسەر ویست و ئامانج و بەرژەوەندیی ئەوکاتی ڕژێمی ئێران، لە تاران پێکهات.

پێوەندیی ئێران و یەکێتی، لە ساڵی ١٩٨٥ بەولاوە دامەزرایەوە. سەرەتا هاتوچۆ و دانووستانەکان بەنهێنی بوون، بەلام لە ساڵی ١٩٨٦ وە، پێوەندیی نێوانیان ئاشکرا و چڕتر و خێراتر بوو. یەکێتی لەسەقز و تاران، نووسینگە و بنکەی حەوانەوەی بۆ نەخۆش و بریندارەکان کردەوە.

بەپێی ڕێککەوتنی پێشووتری نێوان سەرکردەیەتیی ی.ن.ک. و ڕژێمی ئێران، لە ڕۆژی ٦ / ١٠ / ١٩٨٦، کۆمەڵێک پێشمەرگە و چەندین فەرماندەی کەرتەکانی یەکێتیی، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئەفسەر و پاسدارەکانی کۆماری ئیسلامی، بەسواری بیست تراکتۆر و دوو ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی پڕ لە ڕاکێت و گوللە تۆپ و باڕووت، بەدۆڵی ئالانی سەردەشت لە ڕۆژهەلات و چەمی "کەلوێ" دا پەڕینەوە بۆ دۆڵی سەفرە و زەرروون و، چوون بۆ گوندی "زێوێ"ی بناری پیرەمەگروون. لەوێشەوە بە نهێنی و بە جادەی گوندەکاندا ملیان نا بۆ نێوچەی کەرکووک و ئێوارەی ١٠ / ١٠ / ١٩٨٦، پێشمەرگە و پاسداری ئێرانی، لە گوندی "سەرچنار"ەوە بە نێوچەی "سالەیی" و "شێخ برێتێ" دا شۆڕ بوونەوە و گەیشتنەشوێنی دیاریکراو. ئەوجا لەشەوی ١٠-١١ / ١٠ / ١٩٨٦ دا تۆپبارانی خەستی پالأوگە و چالە نەوتەکانی کورکووکیان کرد و، میدیای ئێران، بە سەرکەوتنێکی گەورەی نێوبرد و، کردی بەهەراوهۆریا. هەر لەمانگی ئۆکتۆبەر (ڕەزبەر) ی ئەو ساڵەدا، مام جەلال سەردانی ئێرانی کرد و، لەلایەن فەرماندەکانی سوپای پاسداران و سەرکۆماری ئێرانەوە پێشوازی کرا. لەسەردانەکەی مام جەلال لە تاران، پرسی ئاشتکردنەوەی "جود" و "یەکێتی" هاتەئاراوە. شایانی باسە، "جود" (بەرەی نیشتمانیی دیمۆکراتی)، لە پارتی دیمۆکراتی کوردستان و حسک و حەسیک و حیزبی شیووعی عێراق پێکهاتبوون.

بەدرێژایی ساڵەکانی ٨٦ و ٨٧، شەڕ و پێکدادانی توند لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای داگیرکەری عێراق بەردەوامبوو. ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧، لە دۆڵی بالیسان و چەند شوێنێکی دیکە، چەکی کیمیایی بەکارهێنا و، بەهۆیەوە بە سەتان ژن و منداڵ و گەورە و بچووک شەهیدکران. ئەو بریندارانەش کە برابوون بۆ هەولێر و ڕانیە و نەخۆشخانەی شارەکانی دیکە، زۆربەیان کۆکرانەوە و، بێسەروشوێنیان کردن. ئەوکات کەس هەستی بەوە نەکرد کە ڕژێمی سەددام، چ نەخشەیەکی گلاو و درندانەی بۆ لەنێوبردنی نەتەوەی کورد داڕشتووە.

## دەستپێکردنی هێرشی هاوبەشی «بەرەی کوردستانی» و سوپای ئێران بۆ سەر هەڵەبجە:

نەخشەی هێرش بۆ سەر هەڵەبجە لەلایەن ئێرانییەکان و لایەنە کوردییەکانەوە لەمێژبوو داڕێژرابوو، بەلام فەرماندە و هەندازیارەکانی تۆپخانەی ئێران پێویستیان بە